Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Telefax: 020 – 6935915

# یانەی كوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــــــا"

## Koerdische Vereniging in Nederland “Midia”

ڕۆژ: 2003/ 06/02
ژمارە: 62-02062003.KVN. SA.

پێنجەمین ڤیستڤاڵی

# سەیران و چاوپێكەوتنی بێسنور

***ئاهەنگێكی قەشەنگی ساڵانەی پەناهەندەیە***

**ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی (21⁄6⁄ 2003) لە كاتژمێر 10.30 بەیانی تا 16.30 ی پاشنیوەڕۆ**

**لە گۆڕەپانی (park berg en bos) لە شاری (Apeldoorn)**

**بەڕێـــزان :**

**ڕێكخـراوەكانی پەناهـەندە لـە ژێـر چـەتری دەزگـای خـودی پەنـاهـەندەكانی هۆڵـەندە (VON) و ڕێكخـراوی كاروبـاری پەناهـەندەی هۆڵـەندە (VWN)ئەمسـاڵ فیسـتڤاڵێكی قەشـەنگ (چاوپێكەوتنی بێسنور) لە گۆڕەپانی park berg en bos لە شاری جوان و قەشـەنگی كلـتوری و ئاهـەنگ و سـەیرانی هۆڵـەندە لـە Apeldoorn ڕێك دەخـات كەتێـیدا چالاكی جۆراوجۆری كلتوری و بەهرەی پەناهەندە پێشكەش دەكرێت وەكو:**

- **ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقای گەلان .**
- **گۆڕەپانی وەرزش و وەرزشی میللەتانی دیكە.**
- **(لە گەرەكێكی پڕ یاری منداڵاندا) چالاكی جۆربەجۆر بۆ منداڵان.**
- **باسی كار و خوێندن و پرۆسەی تێكەڵاوبوون .**
- **برۆشورە و نامیلكەی زانیاری بەخشین .**
- **ململانێی بیر و ڕۆشنبیری و باسەكانی سەبارەت بە پەناهەندەی نیشتەجێی هۆڵەندە .**
- **لە بەشێكی تری چالاكی‌یەكاندا، ڕێكخراوەكانی پەناهەندە خۆیان بە جەماوەری ئامادەبوو دەناسێنن و ئامانج و ئاواتی ئەوڕێكخراوانە و وكاروبارو چالاكییەكانی ڕۆژانەیان دەخەنە ڕوو.**

**یانـەی كـوردی لـە هۆڵـەندە "میدیـــــا" ش بـە هـەموو بەشـەكانی‌یەوە لـەم ڕۆژەدا وەكـو ڕێكخـراوێكی چالاك بەشـداری لە ئاخاوتن وگفـتوگۆكاندا دەكـات بـە هـەندێ بابـەتی گـرنگ وەكـو بـەژەوەندی ژنـان، كاروكاردۆزیـنەوە، لایەنـە تەندروسـتی‌یەكان، خوێـندن وفێركردن، چالاكی گـەنجان، بـۆ ئاگـاداری لـە ئەمسـتردام و شـارەكانی ترەوە پاس گیراوە، هەركەسێك دەیەوێت بەشداری بكات تا ڕۆژی شـەممەی ڕێكـەوتی 14/06/ 2003...دەتوانێت پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و فاكسەوە 020-6935915 بكات، یان سەردانی نوسینگەی ئەمستردام بكات.**

**شـایەنی باسـە ئـەم ڕۆژە بـە ڕۆژێكـی سـەیران و ئاهـەنگ وخۆشـی و بەسـەر كـردنەوە بـۆ پەناهـەندە ناسـراوە و لـەم ڕۆژەدا خـەڵكی پەناهەندە و هۆڵەندیش ئامادە دەبن.**

**هیوادارین كاتێكی بە كەڵك بەسەر بەرن و ڕۆژێكی قەشەنگ و ڕازاوە بێت.**

www.kurdistannet.org